# لە یادی ئارام-ی خۆرەتاوی نیشتیماندا!

سیروان کاروانی



لەپێشدا، سەری ڕێز و وەفاداری بۆ شەهید ئارام و گشت شەهیدەکانی تری ڕێگای ڕزگاری و سەرفرازی و هەموو ئەو جوامێرانەی بە هەر شێوەیەک توانیبێتیان خزمەتیان بە گەلەکەی خۆیان کردووە، دادەنوێنم. من نموونەی مرۆڤێکی کورد، یادی شەهید "ئارام"یش وەکوو شەهیدێکی سەربەرزی ئەو ڕێگا پیرۆزە دەکەمەوە، چونکە "ئارام" لە کۆشاندا، هیچ وەخت خەباتی نەتەوایەتیی لە خەباتی چینایەتی جوودا نەکردۆتەوە. سەبارەت بە یادەوەری، بیرەوەری و ئاشنایەتی لەگەڵ خودی "ئارام"دا، دیارە کەسوکارەکەی خۆی کە هەر لەم ماوەیەدا لە هەوڵی یادکردنەوەیدان، زانیاریی زیاتر بەو خەڵکانە دەگەیەنن، کە عەوداڵی چۆنیەتیی ڕەوتی خەبات و تێکۆشانی "ئارام"ن.

ئەوەی من هەستم پێ کردووە، بەڕاستی جێی خۆشحاڵییە کە ئەو هەموو خەڵکە لە پالتالک و شوێنەکانی تردا، بۆ یادکردنەوەی کەڵەپیاوێکی ڕووناکیبەخشی ڕێگای یەکسانی و برایەتی و هزرخۆشەویستیی وەک "ئارام"ی هەردەم زیندوو کۆبووبوونەوە و یادیان دەکردەوە. زۆر لە ئێمە دەزانین کە (ئارام) ی چڵەپۆپەی ئازادی و ئاسوودەیی، (ئارام) ی شنەبایەکی نوێ کە لە شەوەزەنگدا هەڵیکرد و سامۆتکە نەگریسەکانی بەر دیدی چەوساوەکانی ئەو بەشەی کوردستانی ڕەواندەوە، (ئارام) ی کوڕی مێژوو کە وا لەم ڕۆژەدا دەبریسکێتەوە، زۆر لەمەی زیاتر پێویستە، کە ئێمەی وەکوو مرۆڤی کورد بۆ سەروەریی ئەو پیاوە جوامێرە ئەنجامی بدەین، هەر نەبێ، هێندەی بلوێ، یادی ئەو و شەهیدەکانی تری ڕێگای ژیان و کوردایەتی و یەکسانیمان بکەینەوە.

خۆرەتاوی "ئارام" لە بەرەبەیانێکدا هەڵات کە ڕۆژگار بە دەستی زۆرداران و خوێنمژانی ئەوساوە دەتلایەوە و تۆزی مەرگ بەسەر لەشی هەژارانەوە دەنیشتەوە، بۆیە ئەو شەهیدە چرایەکە ئێستاش لەناو لەپی ڕەنجدەرانەوە ڕۆشنایی دەدا. ئارام ئەو دەستە بوو بەسەر منداڵانی باوک شەهیددا دەهات و فرمێسکە قەتیسماوەکانیانی دەسڕییەوە و لە ناز بێبەشی نەدەکردن. ئارام گوڵی ئەو گوڵجاڕە بوو کە بۆنی هەموو شەهیدانی لێ دەهات. ئارام سامانی هەموو چین و توێژێکە کە دژی زۆردار کۆشش دەکات.

کورد، سەربەرزە بەوەی کە کۆمەڵێک شەهیدی لە ڕێگای مرۆڤایەتی و ژیانێکی ئاسوودە و دوور لە هەر جۆرە چەوسانەوەیەک، بۆ هەژاران و بێنەوایانی نیشتیمانەکەی بەخشیوە. کورد، سەرەڕای ژێردەستیی لەمێژینەی وەکوو نەتەوەیەکی چەوساوەی ژێر ستەمی نەتەوایەتی، خەباتی چینایەتیشی پەرە پێ داوە و قوربانیشی لەپێناودا داوە.

لەم سەردەمەی پڕ لە ئاژاوە و زوڵموزۆرییەدا، کەم گەل هەیە یاخود هەر نییە، بە ئەندازەی گەلی کورد بۆ سەربەستی و وەکهەڤیی هەموو چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکانی و بە تایبەت لە ڕێی خەباتی نەتەوایەتی خوێنی بەخشیبێ، هەزاران کەڵەپیاو و مرۆڤی تری بەبەهای بەخشیبێ، لەگەڵ ئەوەشدا، لەم جیهانە ئاشوبەیەدا، لە هەمووان چەوساوەتر و بێ ماف و ئازادیترە.

جوانترین ئەمەگێک ئێمە بەرانبەر بە شەهیدانی گەل و ڕێگای سەرفرازیی نیشتیمانەکەمان بتوانین بینوێنین، یادکردنەوەیانە، بەم یادکردنەوانە، لە گۆڕەکەیان ئاسوودەیان دەکەین و گیانیان شاد دەبێ. ئەو کەسانەی

www.kurdistannet.org

خۆشەویستی گەلن، ئەو کەسانەی لە تەرەفی گەلن، گیانیان شادە و، بۆیە نامرن، چونکە هەردەم وێردی سەر زوبانی زیندووەکانن.

هەرچۆنێک بێ، ئێمە مێژووەکەمان پڕە لە کارەسات و نەهامەت و دەربەدەری و ماڵوێرانی و، دیارە ئەوانەش گەورەترین کۆسپی بەر ویست و ئارەزووەکانمان بوونە. من، لەکاتێکدا، هاوبەشی و هاوغەمیی خۆم بۆ کەسوکاری شەهید "ئارام" دەردەبڕم و، سەرنجیشیان ڕادەکێشم کە گردبوونەوەی ئەو خەڵکە بەرێزانە لە شوێنە جۆراوجۆرەکاندا، ئەوەمان پێشان دەدا کە ئارام هەر لە کەسوکارەکەی نەڕۆیشتووە، بەڵکوو خەڵکانێکی زۆری پڕ لە تاسەی جێهێشتووە.

شەهید ئارام تەمەنی خەباتی چەکداریی هێندە درێژخایەن نەبوو، بەلام ئەو لە ڕێگای ئەو بۆچوون و چۆنیەتی ڕەوتی خەباتەی لای گەلالە بووبوو و کردبوویە پەیرەوێک بۆ بەرەو پێشەوەچوونی خەباتی ئەو سەردەمە و مەشخەڵەکەی، توانیبووی خۆی بە ناوچەکانی تری خوارووی کوردستانیش بناسێنێ. ئەو شێوەخەباتەی "ئارام" ئەوسا دایڕشت، جێگای پەسندی زۆرینەی هاوڕێیانی ئەوسای بووە، هەر ئەوەشە وای کردووە، کە ئێستا پاش ئەو ماوە دوورودرێژەی بەسەر شەهیدبوونیدا تێپەڕیوە، وەکوو هزرێکی زیندوو یادی دەکرێتەوە.

لەکاتێکدا، هەوری ڕەش و چڵکنی مێژوو ڕۆژێکی مارتی ساڵی ٧٥یش، وەک زۆر ڕۆژی تر لە مێژووی کورددا، ئاسمانی ڕووناکی کوردی داپۆشی و هیوا و ئومێدە لەمێژینەکانی گەلی کوردی ستەمدیدەی خستە چاڵی مەرگ و باهۆزی پاشاگەردانییەوە. ڕژێمی بەعسی ستەمکار لە عێراق، ڕژێمی دوژمنی مرۆڤ و مرۆڤایەتی، دەرفەتی ڕەقەکاری و کاری داپڵۆسێنەرانەی خەڵکی بە شێوەیەک بۆ گونجا، کە نەک هەر بەعس خۆی، بەڵکوو ڕژێمە سەرمایەدار و خوێنمژەکانی دەڤەریش، کە خۆشیان پاشان کەوتنە بەر چنجرۆکی هەمان دوڕندە و بەو ئاکامە نالەبارە گەیشتن، دەستخۆشییان لێ دەکرد و، ئەوە بوو ڕژێمی عەفلەقی ڕێگای بەتەواوی بۆ تەخت بوو و بێ بەزەیی کەوتە گیانی جووتیاران و کاسبکاران بە تایبەتی لەناو کوردەکاندا، هەر لەوێشدا سەرسەختترین دوژمن بۆ کورد پەیدا بوو و بەرنامەکانی "الثقافة العربية"ی عەفلەقی بەتەواوی لەسەر هەزارانی کورد دەستی بە کار و جێبەجێکردن کرد.

هەر لەو ساڵە واتە لە ٧٥دا، چەندین حزب و ڕێکخراو لە گۆڕەپانی خەباتدا بوون، وەکوو: پدک، حشع کە ئەوسا دوو پارچە بووبوو (لجنەی مەرکەزی و قیادەی مەرکەزی) ، کاژیک کە ڕێکخستنێکی زۆر گەورە نەبوو، کۆمەڵە کە ئەویش هەر ڕێکخستنێکی بچووک بوو و لەگەڵ ئەوەشدا خاوەن کادر و ئەندامی خۆی بوو. ئەم ڕێکخراوە پێچەوانەی ئەوانی تر خۆی ئاشکرا نەکردبوو و لەو سەردەمەدا کە کۆمەڵە خەباتێکی نهێنیی دەست پێکردبوو، دەرخستنی ئەو بیروباوەڕە و چۆنیەتیی خەباتکردنی دیارە هێندێک سەخت بووە و لەبەر ئەوەشە لەناو خەڵکدا نەناسرابوو. واتە ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ بەر لە دروستبوونی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان بە ٦ ساڵ. دیارە ئەم ڕێکخراوە، پاشان باشترین دەوری خۆی هەبوو لەناو ڕیزەکانی ینکدا و هەر ئەویش تا دواییپێهێنانی لەناو ینکدا، بەهێزترین باڵیان بوو. کۆمەڵە لە سەرەتای دروستبوونیدا، زیاتر وا دەبینرا کە ئەرکی بەرەنگاربوونەوە و داکۆکیکردن لە مافە ڕەواکانی گەلی کورد بگرێتە ئەستۆ و گوڕ و تینی بداتێ، چونکە وا پێشبینی دەکرا کە بۆرجوازییەتی کورد تا سەر درێژە بە تێکۆشان نادا و لەم میانەدا سنووردارە، واتە لەوانەیە پاش بڕینی قۆناغێک لە خەبات بوەستێ و پاشان کۆمەڵە درێژەی پێ بدا و بیگەیەنێتە ترۆپک، بۆیەش واپێدەچێ ئەم هاوکێشەیە نایەکسان دەربچێ و واش دەرچوو.

کۆمەڵە لە ٧٠وە دامەزرابوو و لە ٢١ی ١١ی ٧٦دا کاک شەهاب و جەعفەر و ئەنوەری ئەو ڕێکخراوەیە لە سێدارە دران و بەمەش گورزێکی گەورەی پێ کەوت و ئارام یەکەم بەیانی لەسەر ئەو شەهیدانە نووسی، گوتەی پیرۆزی

"کەم بژی کەڵ بژی" لای ئەو شەهیدانەوە وەک سەروەرییەک تا ئێستا ماوەتەوە، بیری خەباتی چەکداریش لای ئەو هاتە کایەوە.

"ئارام"یش کە ناوی خۆی "شاسوار جەلال" بوو، لە ٣١ی ١ی ٧٨دا لە تەنگیسەری ناوچەی قەرەداغ لە لایەن مەفرەزەیەک چەکداری سەر بە ڕژێمەوە شەهید کرا و چووە ڕیزی کاروانی شەهیدە نەمرەکانی ترەوە.

یادی (ئارام) ی جوامێر هەر بەخێر بێ و، گیانی پاکی هەر شاد بێ!

**تێبینی کوردستان نێت**:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣

www.kurdistannet.org کوردستان نێت